کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22-11-2007 21:58بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## تكايه غەدر له كاك كۆسرەت مەكەن.. گفتوگۆیەک لەگەڵ دڵشاد عەبدوڵا.. هەوڵێریەک

ماوەیەکە زۆرجار وتاری داخ لە دڵانە لە دژی کاك کۆسرەت دەخوێنمەوە کە بەرای من هیچیان بایی تۆزقاڵێك لە گەورەیی مێژوی ئەو پیاوە کەم ناکەنەوە بەڵکو زیاتر گەورەیی دەر دەخەن، بەشێك لەو نوسراوانە بە فیتی مەسئولەکانی ترە بۆ ئەوەی شەریك بۆخۆیان پەیدا بکەن گوایە ئەوەتا لەسەر کاك کۆسرەتیش دەنوسرێت، بەکورتی ئەوانە هەموویان غەدر لە کاك کۆسرەت دەکەن، ئاساییە ئەوانە حەسود بن بە کاك کۆسرەت چونکە بەخێرایی شوێنی خۆی لە دڵی کۆمەڵانی خەڵك کردەوە بەڵام ئاسایی نیە نزیکەکانی خۆی بەتاییەت ستافە ئیعلامیەکەی غەدری لێ بکەن.. وەك ئەو هەڵە گەورەیەی کە رۆژی کۆنگرە رۆژنامە نوسیەکە بەرێز دڵشاد عەبدوڵا لێی کرد.. ئەو کۆنگرەیە کە بۆ جێگری سەرۆکی هەرێمە چۆن و بەکام پێوەر دەرۆن لە تەنیشتیەوە دادەنیشن.. ئەگەر بەرێز کاك دڵشاد پۆستێکی رەسمی هەیە و ناوێکی دیاری رۆشنبیری کوردیە، ئەو برادەرەی تر چی دەکات بە تەنیشت جێگری سەرۆکی هەرێمەوە ئایا ئەوە کەم کردنەوە نیە لە هەیبەتی کاك کۆسرەت.. کاك دڵشاد بۆ دوو نەفەر؟ ئایا کۆنگرە دوو کەس ئەیبەن بەرێوە؟تەنانەت نەدەبو بەریچزیشت دابنیشیت تەنها بە وەستانەوە دەبوو خەڵك تەقدیم بکەیت ئەوە ئەتەکیەت و هەیبەتی جێگری سەرۆك داوادەکات نە من!!!
لە بیرمە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەیدا بۆ مام جەلال، ئازاد جوندیانی لەوێ بوو.. لەگەڵ ئەوەی ئەندامی سەرکردایەتیە و مەسئولی مەکتەبی ئیعلامە رێگەی بە خۆی نەدا بڕواتە تەنیشتیەوە دابنیشێت تا لە کۆتایدا مام خۆی داوای لێکرد کە بڕواتە لایەوە.. کاك ئازاد باش لە ئەتەکیەت و هەیبەتی نا و پۆستەکەی مام گەیشتوزە ئیچوە بۆ غەدر لە پیاوێکی وەك کاك کۆسرەت دەکەن یاخود ئەدەب و رێزی ئەو ئیستیغلال دەکەن..
ئەوەش قەیناکات کاك دڵشاد، دانیشتن ئاساییە با تێپەرێت، تۆ کە ماوەیەکی زۆر لە کوردستانی نوێ کارت کردوە و ئەزمونی کاری رۆژنامەنوسیت زۆرە چۆن رێگەت بەخۆتدا کە وێنەی هەرسێکتان بخەیتە لاپەرەی یەکەمەوە لە کوردستانی نوێ، ئایا ئەوە کوفر نیە باشە ئێوە کۆنگرەتان بەستوە یان کاك کۆسرەت، ئەسڵەن ئەو برادەرەی تر وەزیفەی چیە تا لە تەنیشت جێگری سەرۆك وێنەی بڵاو بێتەوە.. ئەوە چۆن بەسەر کوردستانی نوێ تێپەری یان بە ناوی کاك کۆسرەتەوە وتتان دەبێت وێنەی ئێمەش دابەزێت.. باشە کام سەرۆك وێنەی لەگەڵ سکرتێرەکانی بڵاو بۆتەوە.. کەی مام جەلال و ماکۆك مان بینی بەتەنیشت یەکەوە.. کەی مەسعود بارزانی و فەیسەڵ دەباغمان بینی بە تەنیشت یەکەوە.. باشە چۆن کاوە محەمەد ئەوەی کرد.. مامۆستا شێرکۆ مەنگوری.. ئەمە کوفرە.. تۆ سەیری تەغتیەی کوردستانی نوێ و رۆژنامەی خەبات بکە.. رۆژنامەی خەبات تەنها ویچنەی کاك کۆسرەت لە سەری سەرەوی لاپەرەی یەك شوێنی هەواڵەکانی کاك مەسعود بڵاوکردۆتەوە ئایا ئەوە هەیبەت پێدانە یان ئەوەی کوردستانی نوێ... باشە کەس دەزانێت ئەوانە چی دەکەن بەتەنیشت جێگری سەرۆکەوە بۆخلتری خوا چۆن وادەبێت.. ئەوەکاك دڵشاد بەسە ئەوبرادەرەی تر چی؟نازانم؟!!!
کاك دڵشاد کە هەرگیز پێویستی بەوە نیە خۆی ناویچکی دیارەو ناسراوە ئەمە چۆن رویداوە؟نازانم بۆ بە پیری سەری تازە دەگەرێتەوە سەرەتا.. تکایە هەیبەتی ئەو پیاوە شۆرشگێر و تێکۆشەرە بە هەڵەکانتان مەشکێنن چونکە خەڵك ئەو پیاوەی خۆش دەوێت و لەسەری دێتە وەڵام.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.